خاوەن ئیمتیاز: سامان گەرمیانی
سەرنووسەر: سامان کەریم
جێگری سەرنووسەر: فاتیح سەلام
بەڕێوەبەری نووسین: نیشتمان بێنەوا

ساڵی چوارەم ژمارە (١٣٦)
دووشەممە
٢٧-٧-٢٠٠٩ز بەرامبەر ٤-٥-٢٧٠٩ ک

دوو ڕۆژنامەیە لە ڕۆژنامەیەکدا | ٢٥٠ دینارە

# زەنگ

www.zengkurd.net
یەکەمین هەفتەنامەی ئازادە لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی گەرمیاندا
هەفتەنامەیەکی گشتیی ئازادە لە گەرمیان دەردەچێت

نزیکەی یەک ملیۆن هاووڵاتی لە گەرمیاندا بۆی هەبوو دەنگ بدات



٢٠......

## بەپێی ئەنجامە ناڕەسمی و سەرەتاییەکانی دەنگدان

# لە گەرمیان (کوردستانی) یەکەمە، (میراودەلی)ڕکابەری سەرەکییە

## خەڵکی هەژار و دانیشتوی ئاواییەکان فریای لیستی کوردستانی کەوتن



هەڵبژاردنیش تەواو بوو

زەنگ-تایبەت

**ئەنجامە سەرەتایی و نافەرمییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەریخستوە کە ناو شاری کەلاردا لیستی گۆڕان بە پلەی یەکەم و لیستی کوردستانی بە دوەم هاتوە، لە کفریش بەپێچەوانەیە.**

بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردن کە پێری ٢٥-٧ ئەنجامدرا و شەوی هەمان ڕۆژ ئەنجامەکان دەرکەوتن و بەگوێرەی پەیامنێر و سەرچاوەکانی (زەنگ) لیستی کوردستانی لە ڕزگاری و سەرقەڵا و باوەنور توانیویەتی دەنگی یەکەم بەدەست بهێنێت و هاوسەنگی دەنگدان لە شارەکانی کەلار و کفری بەلای خۆیدا بشکێنێتەوە. لیستی گۆڕان لەناو شاری کەلار یەکەم بوە و لەناو شاری کفریش هەر یەکەم بوە، بەڵام ڕزگاری و باوەنوری سەر بە قەزای کەلار و سەرقەڵای سەر بە کفری دەنگەکانیان لەبەرژەوەندی گۆڕاندا نەبوە و بەو پێیەش ئەنجامەکان بۆ لیستی کوردستانی بووە.

لە کفری لە کۆی ٧ ناوەندی دەنگدان ٤ ناوەندی لیستی کوردستانی بردویەتییەوە و لەسەرقەڵاش تاکە ناوەندێک هەبوە و دەنگەکانی بۆ لیستی کوردستانی بوە بە پلەی یەکەم. بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان لە قەزای کفری (ناوشار و سەرقەڵا) لیستی گۆڕان (٤٩٩٩)دەنگی بەدەست هێناوە و لیستی کوردستانی (٥٨٠١) دەنگ.

لە قەزای کەلار (ناوشار و ڕزگاری و باوەنور) لیستی کوردستانی (٢١٣٣٧) دەنگ و لیستی گۆڕان (٢٠٣٠٩) دەنگی بەدەستهێناوە کە بەپلەی دوەم هاتوە.

جێی باسە لە گەرمیاندا (کەلار و کفری) لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی (چوار حیزبەکە) دەنگی سێیەمی هێناوە.

بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش لەهەموو شارەکانی گەرمیاندا مەسعود بارزانی و کەمال میراودەلی موناڧەسەی گەرمیان کرد. لە قەزای کفری مەسعود بارزانی (٦٩٧٤)دەنگی بەدەستهێناوە لەبەرامبەردا (٤٣٠٤)ی دەنگەکانی بردوەتەوە. لە قەزای کەلاریش مەسعود بارزانی یەکەمە بە کۆی (٢٦١٩٩) دەنگ و کەمال میراودەلی بە (١٨٤٣٠) دەنگ دوەمی بەدەستهێناوە. جێی ئاماژەیە بەپێی ئاماژە سەرەتاییەکانی دەنگدان، ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەراندا لە گەرمیاندا نەگەیشتوەتە ٧٠%.

# لەنزیک خانەقین ٣٧ گەشتیاری ئێرانی گیانیان لەدەستدا و بریندابوون

زەنگ-کفری- دیار جەمال

**شەوی٢١لەسەر٢٢ی ئەم مانگە لەسەر ڕێگای ئیمام وەیس-خانەقین چەند چەکدارێکی نەناسراو تەقە لەئۆتۆمبیلێکی گەشتیارە ئێرانیەکان دەکەن و٣٧ گەشتیار دەکوژن و بریندارەدەکەن وگومان دەکرێت دەستی سوپای عێراقی تێدابێت.**

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەڕووداوەکە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد لەسەر ڕێگای ئیمام وەیس-خانەقین ئەو چەکدارانە ڕێگایان لە ئۆتۆمبیلێکی گەشتیارە ئێرانیەکان گرتوە و دەستدرێژی گوللەیان کردوەتە سەریان و٥ گەشتیاریان کوشتوە و ٣٢ ی تریشیان بریندار کردوە، لەو ٥ گەشتیارە کوژراوەش ٤ کەسیان ئافرەتە.

ئەو سەرچاوەیە وتیشی:"دوا بەدوای ڕووداوەکە سەرجەم گەشتیارەکان ڕەوانەی نەخۆشخانەی خانەقین کراون ژمارەیەکیشیان بەهۆی سەختی برینەکەیانەوە ڕەوانەی پارێزگای دیالە کراون بەمەبەستی چارەسەرکردن، ئێستا سەرجەمیان لەژێر چاودێری پزیشکیدان، ئەو گەشتیارانەی کە کوژران و بریندار کران بەمەبەستی سەردانی مەزارگەی ئیمامە شیعەکانە چووبوون لەکاتی گەڕانەوەدا تووشی ئەو ڕووداوە هاتوون".

سەرچاوەکە ڕوونیکردەوە گومان دەکرێت دەستی سوپای عێراقی تێدا بێت، بەو پێیەی ئەو کارەساتە بەدووری ٢٠٠ بۆ ٢٥٠ مەتر دوور بووە لەبۆسەیەکی سوپای عێراقییەوە.

# لە ٢٠٠ ملیۆن دۆلارەکەی گەرمیان شەش ملیار دیناری بۆ ئاو تەرخان کراوە

زەنگ-نووسینگەی کەلار

**بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ئاوی گەرمیان دەڵێت:"لەو ٢٠٠ ملیۆن دۆلارەی لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە دابین کرا بۆ ئاوەدانکردنەوەی گەرمیان، شەش ملیار دیناری بۆ پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوە تەرخان کراوە".**

سەعدوڵا فەتاح بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ئاوی گەرمیان ڕایگەیاند لەو شەش ملیار دینارەی بۆ پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوە بەر ئەوان ئەکەوێت، بەرنامەیان داناوە کە ٥٠ بیری ئیرتیوازی لە گەرمیان دروست بکەن کە ئێستا بە فیعلی ٢٨ بیری دراوەتە بەلێندەر بۆ جێبەجێکردنی.

بەڕێوەبەری ئاوی گەرمیان وتیشی:"لەو ٢٨ بیرە ئیرتیوازییە ١٢ بیری بە تەنها بۆ ناوچەی چەمچەماڵ و دەوروبەری تەرخان کراوە، چونکە ئەو ناوچەیە زیاتر پێویستیان بە ئاوی ئیرتیوازی هەیە و ١٦ بیریش بۆ کەلار و کفری دابین دەکرێت".

**ژمارەکانی داهاتوو ڕاپۆرتێکی تایبەت لە سەر چۆنێتی خەرجکردنی ٢٠٠ ملیۆن دۆلارەکەی گەرمیان بڵاودەکرێتەوە .**

## بەپێی یاسای ئەنجومەنی دادوەری

# دوو پاڵێوراوی پەرلەمانی کوردستان نایاسایین

زەنگ-تایبەت

**یاساناسێکی سەربەخۆ کە نەیویست ناوەکەی ئاشرا بکرێت وتی:"دوو کاندیدای لیستی کوردستانی بۆ پەرلەمانی کوردستان کە هەردوو دادوەرن، بە نایاسایی خۆیان کاندید کردووە بۆ پەرلەمان".**

یاساناسەکەی دانیشتوی کفری ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بەپێی یاسای ژمارەی (٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٧ی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان خۆ کاندیدکردنی هەردوو دادوەر ڕزگار محەمەد ئەمین و حاکم فەرهاد لە کەلار بۆ ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان نایاساییە و دەبوایە پێش خۆ پاڵاوتنیان دەستیان لە کارەکەیان بکێشایەتەوە.

بڕگەی دوەمی ئەو ماددەیەی یاسای ئەنجومەنی دادوەری دەڵێت:"کارکردنی دادوەر لە ئیشی حزبی قەدەغەیە و نابێ خۆی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی یان دەستەکانی خۆجێیەتی یان ڕێکخراوی سیاسی بپاڵێوێ مەگەر لە دوای دەست لەکارکێشانەوەی بێت".

سەرچاوەکەی زەنگ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەردوو دادوەری ناوبراو پێش خۆکاندیدکردنیان دەستیان لەکارەکەیان نەکێشاوەتەوە.